# قەیرەیی؛ ژیانێک لە ژێر سێبەری تەنهاییدا

## کچێک: خۆزگەم بە کوڕان بە دڵی خۆیان ژن دەهێنن، بریا منیش بمتوانیایە بەدڵی خۆم شوم بکردایە



راپۆرتی ئیمان جەبار

کە لە دەرگا ڕەشەکەی ماڵیانەوە ڕۆشتمە ژورەوە بینیم کچێکی بەتەمەن بەڵام زۆر ئێسک سووک لای دیواری حەوشەکەیانەوە بەڕومەتێکی خەمینەوە دانیشتبوو، دەستەکانی لە ژێر چەناکەی دانابوو، سەرەنجیشی بەبێ ئاگایی لە نێو خەیاڵێکی قوڵدا خستبووە سەر پەنجەرەی ژوورەکەیان، ئەو (ح) تەمەن ٤٠ ساڵی فەرمانبەرە، کە تائێستا شووی نەکردووەو لە ماڵی باوکیەتی.

(ح) پاش بێدەنگیەکی قوڵ وهەناسە هەڵکێشان پێی وتین"من بۆ قەیرەبوونی خۆم زۆر خەمبارم"

(ح) تا ئێستا خوازبێنی کەری زۆر هاتووە وبراکەی نەیهێشتووە شوبکات و تا ئێستاش لەو حاڵەی تیایەتی نیگەران وخەمبارە.

(ح) ئامۆژگاری کچان دەکات "کە بەبیانوی تەواو کردنی خوێندنەوە خۆیان لە زەواج بەدوور نەگرن، چونکە دبێتە هۆی ڤۆزوونی دەرون وبێزاریان لە ژیان لە کاتی قەیرەییدا."

ئێستا قەیرەیی لە کۆمەڵگەی کوردیدا لە حاڵەت تێپەڕیوەو بوەتە دیاردە، ئەو کچانەش کە تەمەنی گەنجیان تێپەڕ کردووە وتا ئێستا شوویان نەکردووە بێزارن لەو ژیانەی تیایدان وبەنیگەرانیەوە خەریکن تەمەنێك لە پاڵ تەنیایدا ئەگوزەرێنن.

"من کە نەمتوانی بە ئارەزووی خۆم هاوسەری ژیانم هەڵبژێرم، قەیرەبوونم هەڵبژاردو پێم باشتربوو."

ئەوە قسەی کەژاڵ مارفە کەتەمەنێکی بەتەنهایی بەڕێکردووەو تا ئێستا شوی نەکردووە.

کەژاڵ خان لەبارەی قەیرەبوونی خۆیەوە دواو وتی "من ئایندەیەکی نادیارم هەیەو هەمویشی لە ئەستۆی ئامۆزاکەمە، واتە کوڕی مامم ، چونکە ڕێگەی نەدا شو بەهیچ کەسێك بکەم جگە لە خۆی، منیش ئەوم هیچ خۆش ناوێت وئینکاری دەکەم."

"خۆزگەم بەکوڕ کە بەدڵی خۆی ژن ئەهێنێت، خۆزگە منیش بمتوانیایە بەدڵی خۆم شووم بکردایە."

ئەوە قسەی ئاوات خان بوو کە لەگەڵ کچە هاوڕێ یەکی دا لە بەر دەرگاکەیان دانیشتبوو کە دیواری هەردوو لای بەبەرد هەڵچنرابوو، ئەو بەدەم گێڕانەوەی ئازارەکانی قەیرەبوونی خۆیەوە بۆ کچەکانی هاوڕێی، ئامۆژگاری کچانی گەنجی کرد کە بەدڵی خۆیان شووبکەن و وتی"داوا دەکەم لە کچانی گەنج کە بەقسەی دایك وباوك وبراکانیان نەکەن ورێگە نەدەن ئەوان چارەنووسیان دیاری بکەن، بەڵکو بەدڵی خۆیان زەواج بکەن وکەسێك هەڵبژێرن کەلەگەڵ خواستی ئەواندا بگونجێت."

کچان قەیرەبوونیان پێباشترە لەوەی بەدڵی ماڵەوەیان زەواج بکەن وکەسێك هەڵبژێرن کە لەژیانی ئەوانەوە دوربێت.

لاڤە محەمەد ٣٢ ساڵ وتی"من حەز دەکەم هەتا مردن تەنیابم، ئەگەرنەمتوانی بەدڵی خۆم شوو بکەم بەو کوڕەی ئەمەوێ هەڵیبژێرم بۆ هاوسەری ژیانم."

هەر وەك ماردینی تەمەن ١٨ ساڵ کە کچێکی گەنجە بڕیاری داوە هەر لە ئێستاوە تا داهاتوو مەرجی شووکردنی بەوکوڕەی خوازبێنی دەکات ئەوەیە بەدڵی خۆی بێت وگوێ بەقسەی خێزان نادات هەر وەك وتی"ئەگەر ماڵەوەش ملم بکەن بەپەتا، شوو ناکەم بەو کوڕەی کە خۆشم نەوێت ولەگەڵ هەست وسۆزو حەزەکانما نەگونجێت، باماڵەوە هەر بۆ خۆیان قسە بکەن."

زۆرینەی ئەو کچانەی تا ئێستا شوویان نەکردووە هۆکاری مانەوەی خۆیان ئەگەڕێننەوە بۆ زاڵبوونی دەسەڵاتی ڕەهای باوك وبرا لەناو خێزاندا وبەهەند وەرنەگرتنی قسەی کچان خۆیان وە چەندین هۆکاری تریش،

کەژاڵ مارف وتی"ئەوەی وای کرد تائێستا بەکچی بمێنمەوە باوك وبراکەم بوو کە نەیانهێشت بەئارەزووی خۆم هاوسەری ژیانم هەڵبژێرم."

بەڵام سەیران کەمال کە کچی ماڵەوەیە خزمەکانی بونەتە ڕێگری وئاماژە بەوە دەکات یان دەبێت قەیرەبوون هەڵبژێرێت و بەتەنها بژێت، یان ڕا زی بێت وبەدڵی ئەوان شووو بکات نەك خۆی.

محەمەد ئیسماعیل توێژەری کۆمەڵایەتی هۆکارە سەرەکیەکانی قەیرەبوونی کچان لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەگەڕێنێتەوە بۆ داب ونەرێتی کۆنی کوردەواری کەڕێگە نادات کچان بەئارەزووی دڵی خۆیان شووبکەن وئەمەش وا ئەکات پۆلێك کچ بە قەیرەیی بمێننەوە.

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتیە کارەساتی ئەنفالی بە هۆکارێکی تر زانی، وە حکومەتی بەبەرپرس دانا لەبەرامبەر ئەم دیاردە کۆمەڵایەتیەو وتی "پێویستە لەسەر حکومەت خەڵك هۆشیار بکاتەوە بۆ خۆدورگرتن لە نەرێتی داسەپاو وبەزۆر کچ بەشوودان، وە بتوانێت کارئاسانی بکات بۆ گەنجان بۆ ئەوەی زەواج بکەن."

محەمەدی توێژەری کۆمەڵایەتی ئەو داوایەی لە حکومەت هەیەکە کێشە سیاسی وئابورەکان چارەسەر بکات بۆ ئەوەی کوڕان کۆچ نەکەن وکچان بەتەنهایی بمێننەوە.

(ح) ی فەرمانبەر لە کۆتایی قسەکانیدا ولەنێوان بێهیواییەکی تەواو لە ژیانی خۆی لایەکی بەلای ئەو خانووەدا کردەوە کە براکەی وبراژنەکی تیایدا ئەژین و ئاخێکی هەڵکێشاو ووتی "باوك وبراکەم ئایندەیان لێ ونکردم و نەیانهێشت بەدڵی خۆم شوو بکەم، کەچی ئەوە براکەمە بەدڵی خۆی ژنی هێناوە، بەڵام انشاءالله قەت گەردنیان ئازاد ناکەم."

# خونچەی بەهرەکان ناپشکوێن

## ئەو کچانەی ئەیانەوێت گە شە بە بەهرەکانیان بدەن لەنیوەی ڕێگادا نائومێد دەکرێن

راپۆرتی هێرۆ محەمەد

"بەهرەکانم چۆن ناپوکێنەوە لە کاتێکدا کەسێك نیە گوێ لە ڕازەکانم بگرێت" لەنیا ساڵح قوتابی چوارەمی وێژەیی وای وت.

لەنیا بەهریەکی جوان وزیندووی لە وێنە کێشاندا هەیە بەڵام ئەو بەداخەوە بەردەوام حەسرەت هاوڕێیەتی، چونکە لەگەڵ ئەوەدا کەسێك نیە هاوکاری بکات کەچی ڕێگرەکانیشی زۆرن وەکو خۆی وتی"من بەهرەم تیایە بەڵام بەداخەوە دایکم وباوکم نەك هاندەرم نین بەڵکو سەرزەنەشتم ئەکەن وقسەم پێ ئەڵێن وبونەتە دیواری بەربەست لەبەردەممدا."

لەگەڵ ئەوەدا ئێستا کۆمەڵێك کچی خاوەن بەهرە لە گەرمیاندا دەرکەوتوون بەڵام هێشتا تێڕوانینە باوەکانی خێزان وکۆمەڵگا سێبەری بەسەریانەوەیەو ئومێدەکانی کچان بەرەو ئاوابوون ئەبات.

"تائێستاش بەداخەوەم بۆ ئەو خولە ڕۆژنامەنوسیەی کە کرایەوەو باوکم بوە بەبەربەست ونەیهێشت بەشداری تێدابکەم."

ئەوە قسەی ئەندێشە گەرمیانی بوو کاتێك لەبەرامبەر پۆلەکەی خۆیەوە لە ئامادەیی شێروانەی کچان لە سەر ئەو کورسیە دانیشتبوو ،کەلەبەردوو کاشی بۆ پشوی خوێنکاران دروست کراوە.

ئەندێشەی خوێندکاری پۆلی پێنجەمی زانستی بەدەم هەڵدانەوەی پەڕەکانی ئەو کتێبەی کە خەریکی خوێندنەوەی بوو درێژەی بەقسەکانی داو وتی "کاتێك بەباوکم وت بابڕۆم بۆ خولی ڕۆژنامەنوسی ئەو وتی ئەتەوێت فێری بەڕەڵایی بیت!" وتیشی "ئاخۆ ئەمە قسەی باوکمان بێت ئەبێت دەورو بەر چیمان پێبڵێت."

"یەکەم جار کەدەستم دایە نوسینی شیعر لەماڵەوە سەرزەنشتێکی زۆریان کردم تەنها لەبەر ئەوەی شیعرەکان وشەی عیشقی تیابوو."

شێنێ قادر دانیشتووی ڕزگاری لەگەڵ وتنی وشەی ئاخ دا وای وت. شێنێ وەکو خۆی ئەڵێ حەز ئەکات ببێتە شاعیرێکی بەناوبانگ ومامۆستای کۆمپیوتەر و ڕۆژنامەنووس و چەندینی تر بەڵام پێی وایە کۆمەڵگا ناهێڵێت بەهێچ لەمانە بگات، شێنێ پاش سەرزەنشتکردنی لەلایەن ماڵەوە نائومێد ئەبێت لە نوسینی شیعر ،بەڵام هاوڕێ یەکی پێی ئەڵێت نابێت ئەو کۆڵ بدات، ئێستا شێنێ خاوەنی کۆمەڵێك شیعرەو بەچەند کەسێکی وتوە بۆی چاپکەن بەڵام ئەو گلەییی ئەوەی هەیە کەتا ئێستا کەسیان یارمەتیان نەداوە.

سۆما خوێندکاری پێنجەمی زانستی یە لە ئامادەیی کاوە لە ناحیەی ڕزگاری ئەو چاوەکانی بەردەوام پڕن لە گلەیی کاتێك باسی بەهرەو توانای کچان دەکرێت، بەردەوام گلەیی لە خێزانەکەی دەکات کە بونەتە کوژەری خەونەکانی.

"من ئاواتم ئەوەیە ببمە شاعیرێکی گەورە بەڵام هیواکانم هەر لەسەرتاوە لەلایەن دایکم وباوکم سەردەبڕێن."

سۆما ئەو کاتەی قسەی بۆ کردین چاوی ئەبڕیە ئەو کتێبە شیعریەی کە زۆرجار بۆ خەمەکانی خۆی ئەیخوێندەوە ودرێژەی بە قسەکانی داو بەتوڕییەکەوە وتی "بمانەوێی ونەمانەوێ ئێمەی کچان بەشداری لە هەر خولێکدا بکەین بەبەڕەڵامان ئەزانن، چۆن خەونەکانم بێتە دی لە کاتێکدا حوکمی باوکسالاری زاڵە بەسەر ئێمەی کچانی گەنجدا؟"

زۆرێك لەو کیژە خاوەن بەهرانە حکومەت بەتاوانبار ئەزانن وئەو گلەییە ئاراستەی حکومەت ئەکەن کە تا ئێستا نەیتوانیوە کۆمەڵگایەکی هۆشیار فەراهەم بهێنێت، بۆ ئەوەی تواناکانی ئەوان نەبێتە قوربانی ئەم ناهۆشیاریە.

ئەندێشە گەرمیانی لە نێو قسەکانیدا ئاماژەی بەوەکرد کە تا ئێستا خکومەت نەیتوانیوە ئاستی ڕۆشنبیری خێزان وخەڵك بەرزکاتەوە بۆ ئەوەی ئێمەی کچان بگەین بە خۆزگەو وخولیاکانمان."

هەروەك سۆمای خوێندکار وتی"ئایا حکومەت تاکەی ئەم وەزعە تاڵە بۆ ئێمە چارەسەرناکات؟ تاکەی دەستی یارمەتی بۆ ئێمە درێژناکات وخەڵك هۆشیار ناکاتەوە کە کچیش مرۆڤە؟ تاکەی ئامادەیە بە چاوی خۆی مەرگی ئومێدو هیواکانمان ببینێت؟"

ئەندێشە گەرمیانی دەستێکی لەسەر ئەژنۆی داناو بەبێ دەنگ سەرێکی لەقاند کە هەزاران پرسیاری خنکێنراوی تیائەبینرا، کۆتایی قسەکانی بەوە هێناو وتی"ئایا هیچ کەسێك هەیە هێندەی من خەون وخۆزگەی هەبێت، بەڵام بۆ ناهێڵن بێتە دی؟"

# شەقامەکانی شار دەبنە زبڵدان

## درەنگ هاتنی سەیارەکانی شارەوانی ژنان ناچار دەکات پاشماوەی ماڵەکانیان لەسەر جادەکان بڕێژن

راپۆرتی نەسرین جەبار

باجی ڕوقیە زۆر شەیدای ئیش کردن و ڕازاندنەوەی ماڵەکەیەتی، لە پاڵ ئەمەدا تەواو عاشقی پاك و خاوێن کردنی ماڵەکەی خۆیەتی و ڕۆژانە بەشێکی زۆر لە کاتەکانی بە پاك و خاوێن کردنی ماڵ و بەردەرگاکەیەوە سەرف دەکات..

هەموو سپێدەیەك لە گەڵ دەرکەوتنی تیشکەکانی خۆردا ئەویش خەبەری دەبێتەوە دەست ئەکات بە ئیش و کارەکانی و هەر لە ژووری نوستنەوە دەست پێدەکات و تا بەردەرگا ئەیشوا، دوای شتنی بەردەرگاش دەست ئەکات بە پاککردنەوەی ئەو باخچە خنجیلانەیەی کە لە پەنای ڕاستی دەرگای حەوشەکەیاندا دروستیان کردووە، لەو باخچەیەدا کە چەندین جۆر گوڵی هێرۆ و گوڵەباخ و لاولاو لە گەڵ پەلکە گیای سەوز و ئەو چەپکە ڕەیحانەیەش کە لەنێو باخچەکەدایە و دیمەنێکی جوان و بۆنێکی خۆش بە باخچەکەی ئەدا، ئەو زۆر بەو دیمەنانە شادومانە، بەڵام ئەوەی بەردەوام پەست و بێزاری دەکات ئەوەیە کە لە مریشکەکانی دراوسێکەیان هەندێك لە باخچەکەی بۆ پیس دەکەن و منداڵەکانی کۆڵانیش بە یارییە منالانەکانی خۆیان هەندێك لە چڵی دارەکانی بۆ ئەهێنینە خوارەوە و ئەو بایەش کە تاوناتاوێك هەڵدەکات گەڵا سەوزەکان دانە دانە ئەهێنێتە خوارەوەو ئەیوەرێنێ، ئەویش بە گسك و خۆڵڕێژەکەی دەستیەوەدەست ئەکات بە پاککردنەوەی ئەو زبڵانەی نێو باخچەکەی و لە نێوان تەنەکەیەکدا بە سەر هەڵی ئەگرێت و لە دووری چەند مەترێکی کەم لەماڵی خۆیان ئەیڕێژێت.

کاك عەلە فەرمانبەر کە بەیانیان بەوێدا بۆ دەوام ئەڕوات بێزاری خۆی دەرئەبڕێت لەو زبڵانەی ژنان لە سەر شەقامەکان کۆی ئەکەنەوە، ئەو بە نیگەرانیەکەوە پێی وتین:"نازانم بۆ ئافرەتان زبڵی ماڵی خۆیان پاك ئەکەنەوە و سەر شەقامەکانی پێ پیس دەکەن!"

کاك عەلە زیاتر درێژەی بە قسەکانی داو ئەوەی ڕونکردەوە کە ئافرەت خۆی هێمایە بۆ پاك و خاوێنی، کەچی بەداخەوە گوێ بە پاك و خاوێنی کۆڵانەکان نادەن پاشماوەکانی ماڵەوەیان لە سەرجادەکان دائەنێن.

بەلام ڕوقیە خان دەڵێت:"من هیچ چارەیەکم نیە، حەزدەکەم شەقامەکان وەك و ماڵی خۆم پاك بێت، ناچارم ئەو زبڵە بکەمە ئەوێ، گەرنا لەکوێ داینێم؟"

ڕۆژانە ئافرەتان پاشماوەی پاککردنەوەی ماڵی خۆیان لە تەنەکەیەکدا کۆئەکەنەوەو ئەیبەن لە سەرشەقام و کۆڵانەکان ئەیڕێژن، بەمەش زۆربەی شەقامەکان ئەبێتە جێگەی کۆبوونەوەی زبڵێکی زۆرو زۆرینەی خەڵکی شاری بێزار کردووە.

شەونم ئەو ژنە گەنجە بوو کە تەنەکەیەکی بەسەرەوە بوو کە پڕبوو لە خۆڵی بەردەرگا و پاشماوەی ئەو چیلکەو پشقڵەی ڕۆژانە بە ساجی ئاگرین نانی پێئەکات هەروەها هەندێکیش لە پاکەتی ئەو پسکیت و چیپس و چلورانەی کە ڕۆژانە بە ختیاری کوڕی لە ماڵی حاجی حەسەنی دوکانداری دراوسێیان ئەیکڕێت. شەونم دوای ئەوەی زبڵەکەی کەمێك دوورتر لە ماڵی خۆیانەوە فڕێدا پێی وتین:"بە قسەی ئێوە من چی بکەم ئەگەر ئەم هەموو زبڵە لە بەردەرگاکەمان بمێنێتەوە هەمووی بۆگەن دەکات، من ناچارم گەرنا حەزم بە پیسکردنی شەقام نیە."

حاجی محمد ئەو پیاوە پیرەیە کە هەموو ڕۆژێك بە تەسبیحەکەی دەستیەوە لە پەنایەکی کۆڵانەکەی خۆیانەوە دا ئەنیشێت و زیکر ئەکات، وتی:"تکا لە ئافرەتان و خەڵکی ئەم شارە ئەکەم با ئیتر زبڵ لێرە نەڕێژن، ماوەیەکی تر مێش ئەمانخوات و تووشی هەزار نەخۆشی ئەبین."

حاجی محمد ئەوەشی وت" کە من سەرم سوڕماوە لەوەی ژنان خۆیان بە پاك وخاوێن ئەزانن و هەمیشە گرنگی بە پاك و خاوێنی ماڵەوە ئەدەن کە چی زبڵەکە زۆر بە ئاساییەوە لە نزیك ماڵی خۆیانەوە ئەڕێژن و دیمەنی شار ناشیرین ئەکەن."

ئافرەتان نکوڵی لەوە ناکەن کە پیس کردنی شەقامەکان بەو خۆڵ و پاشماوەو زبڵانە کارێکی نەشیاوەو ناشرینە، بەڵام خۆیان بە ناچار ئەزانن و گلەیی لە سیارەکانی شارەوانی ئەکەن، کە درەنگ سەردانیان ئەکەن، ئەمانیش زبڵێکی زۆریان لەسەر کۆئەبێتەوەو ناچارن لە سەر شەقامەکان بیڕێژن.

ئامینە وتی:"گلەییمان لە شارەوانی هەیە، یا سەیارە بۆ هەڵگرتنی ئەم پاشماوانە دابین نەکات یان کە دابینی ئەکات درەنگ درەنگ نەین تا زبڵ بمانخوات."

یەکێك لە کارمەندانی شارەوانی کە نەیویست ناوی ببەین پێی وتین:"سەیارەکان کەمن و گەڕەکەکانیش زۆرن، ئێمە قسورمان نەکردووە، بەڵام ژنان خۆیان فێرن هەر خەریکی پاککردنەوەی ماڵی خۆیانن و هەستی بەرپرسیارێتیان نیە."

وە ئەو کارمەندانەی شارەوانی کەلار گلەییان لە ڕاگەیاندنەکانی گەرمیان کرد لە هۆشیار نەکردنەوەی خەڵکدا و وتیان:"تەلەفزیۆنەکانی ئێمە زۆر کەمتەرخەمن لە ئاگادار کردنەوەی خەڵکی، کاتێك نەخۆشی ئەنفلۆوەنزا هات تەلەفزیۆن هێندە باسی کرد کە نەمانوێرا هەر سەیری پەلەوەر بکەین، ئۆمێدەکەم کارێکیش بۆ پاك و خاوێنی بکەن."